الاتحاد العام للاجئين العراقيين

THE INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES

# پەیام بۆ ریکخراوەی ئازادی ژنان لەعیراق

دەنگدانەوەی ڕاگەیاندنی پێکهێنانی ڕێکخراوی ئازادی ژنان لەلایەن ئێوەوە لە شاری بغداد سنووری گوێ بیستنی دۆست و دوژمنانی ئێوەی لەم ناوچەدا شکاند، ئەمڕۆ سەدان هەزاری ئینسان لە ڕێگەی گۆڤارو بلاوکراوەکانی وەك ئیکۆنۆمیست وتەنانەت همشهری و زنان. . . باس لە ئازایەتی ودەنگی دلێری ئێوە دەکەن، ئەم هەنگاوەی ئێوە بووە مایەی دلخوشی بەرەی ئینسانی دۆستان و بەرابەرخوازاو ڕادیکاڵی جیهان.

لە دوو مانگی ڕابردودا سیماو دەنگ و ڕەنگی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە سەرتاسەری جیهاندا بە هیمەتی جۆرنالیستە هەلقەلەگوێکانی جیهانی نەزمی نوێ، چاوگوێ وئەقل وبیری جەماوەری ملیونیان بە وێنەی کۆمەلگایەکی لیواولیو کۆنە پەرستانە سیخناخ کرد. عیراقی چەلەبیەکان، عیراقی باقی سەدرو ملاو شیخ وحەوزەو ئایەتوولاکان، عیراقی قەمە بەدەستانی عاشورا، عیراقی ئیسلامی وقەومپەرستی وعەشیرەو هۆز، عیراقی پاشایەتی وکۆنە بەعسەیەکان. . . !

هاتنە مەیدانی ئێوە ئەو وێنە دروست کراو زلکراوەی تیکشکاند، ئێستەجیهان شاهیدی بوونی بەرەیەکی ترە لە عیراقدا کە بەرەی ئینسانیەت و ئینسان دوستی یە، بەرەی ئازادی و بەرابەرییە بەرەی ڕاوەستانەوەیە دژ بەو سیناریۆ ڕەشەی کە بەسەر خەڵکی عیراقدا سە پێنرا.

دەنگ و ڕەنگ و سیمای ئازادی و بەرابەری لە کۆمەڵگای عیرقدا غولێکی سەرکوتکراو خەوتووە کە چەندین دەهەیە بە ئاگرو ئاسن وەلامی پێ دەدرێتەوە، سەرهەڵدان وهاتنە مەیدانی ئەم دەنگە لە جەنگەڵستانی عیراقی پاش شەڕوکوشتار، عیراقی سەرگەردان وبێ نەزم و یاسا، کارێکی لەڕادە بەدەر مەزن و گەورەوگرانە، بەلام هاوکات کاریکی لە ڕادەبەدەرپڕ لە مەترسییە، ئەوەتا لەسەرەتای دەست بەکار بوونی ئێوەوە جارێکی تر بلندگوی مزگەوتەکان وئیسلامی سیاسی هەڕەشەی لە خۆین هەلکیشانی جەستەتان دەکەن، بەلام دلنیاو دڵخۆشم بە ڕاوەستاویتان، ئاخر ئێوە نەسڵی شکست نەخواردووەکانن و ئەنجام گەیاندنی ئەم کارە لە توانای جەسارەتی سیاسی و عەمەلی ئێوەدا هەیە !

دەست بەکار بوونی ئێوە لەسەرەتای کارەوە بەبێ بوونی سەرەتای ترین پیداویستیەکان بەکردنەوەی سەنتەریکی پاریزگاری کردن بۆ ژنان دەست پێدەکات، بەلام بەرنامەیەك کە ئیوە ڕاتان گەیاندنەوە بۆ دیفاع لە بەرابەری ژن وپیاو سەرمایەیەکی گەوەرو پر شانازی یە، ئێوە کەخوازیاری ( (بنیادنانی یاسایەکی ئینسانی لەسەربنچینەی مسۆگەرکردنی فراوانترین ئازادیەکان بۆ ژنان وهەلپەساردنی هەر جۆرە یاسایەکی چەوسینەرانەی دژی ژنان لە هەر ئاستیکدا. جیای دین لە دەولەت و فیرکردن و بارهێنان. قەدەغەکردنی هەرجۆرە توندوتیژییەك دژ بە ژنان و ژن کوشتن لەژیرناوی ( (ناموسی پەرستی) ) داو مسۆگەرکردن و لیکولینەوەو دادگای کردنی تاوانبارانیك کە بەم کارە هەلدەستن) ) . . . ژنانی عیراق هەقی خۆیانە ئەمرۆ هەست بوونی ڕێکخراویك بکەن کە قسەکانی دلی ئەوان دەکات، مافی خۆیانە کە شانازی بەوەوە بکەن کە ئەم ریکخراوە ریکخراوی ڕاستەقینەی خۆیانەوەو دەبیت پێوەی پەیوەست بن، ئیمەش مافی خۆمانە بەوە دلخوش بین کە کاری ڕێکخراوەکەی ئێوە دەورێکی کاریگەری دەبێت بۆ بەرگری کردن لەماف و حومەرتی ئینسان و هەنگاوهەلهینانەوە بۆ دەستەبەرکردنی دنیایەکی باشتر، دلخوشین بەوەی کە ئەم هەنگاوەی ئیوە دەوریکی کاریگەری دەبیت لەڕیگرتن بە ئاوارە بوونی ژنان مسوگەرکردنی ژیانیکی ئینسانی بۆ ژنانی عیراق.

بۆیە جێخویەتی کە جاریکی تر پڕبەدڵ پرۆزبایتان لێ بکەین ولە دوورەوە دەستی ماندو نەبوونی وجەسارەتان بگوشین، دلنیابن لەوەی کە بۆ بەرگریکردن لەماف و داواکاریەکانتان، بزوتنەوەیەکی نیونەتەوەی لەو دیو سنوورە دروستکراوەکانەوە هاوکارو هاوخەباتی ئیوەن، ئەگەر لیمان قبول بکەن فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقیش وەك یەکیك لەو سەنگەرانە کە ئیلهام بەخشی هەمان بزوتنەوەی ئازادی وبەرابەریە، هاوپشتی بێ دریخی خۆمان دەربرین و پیرۆزبای لەئیوەو لەهەموو ژنانی عیراق

دەكەین و دەبیت پیكەوە ئەم هەنگاوەی كۆمۆنیزمی كریكاری بەرزو بەریز راگرین. ئەوەش بلین پەرچەمیك كە ئیوە شەكاندوتانەتەوە كاری زور مەزنتر لە ئیوە دەخوازیت و ئیوە دەوری چارەنووس سازاتان هەیە لە پیكهینانی هەر ئالگوریك لە وەزعی ژنانی عیراقدا.

بۆیە دەلیم خەبات و تیكوشانی ئیوە بزوتنەوەی بەرابەرخوازانەی جیهانیش لە جیگەوریگەیەكی مەزنترو باشتر بەهرمەند دەكات، دلمان لاتانەو چاومان بریوەتە هەنگاوە مەزنەكانی داهاتووتان!

رێبوار عارف

سكرتیری فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

١ / ٧ / ٢٠٠٣

---

fediraq@welho. com
Address: PL 3
Fax : 00 358 9 2419493
00391 Helsinki - Finland

www.kurdistannet.org كوردستان نێت